# خزمەتی خێزانەکەی دەکرد، ئەگەر کاتی نوێژ بهاتایە؛ دەردەچوو بۆ نوێژکردن

لە ئەسودەی کوڕی یەزیدەوە دەڵێت: پرسیارم لە عائیشە کرد: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ماڵەوە چی دەکرد؟ ووتی: «خزمەتی خێزانەکەی دەکرد، ئەگەر کاتی نوێژ بهاتایە؛ دەردەچوو بۆ نوێژکردن».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري) ڕیوایەتی کردووە)]

پرسیار لە (دایکی ئیمانداران) عائیشە کرا سەبارەت بە حاڵی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە ماڵەکەیدا وخەریکی چی بوو؟ عائیشە ووتی: مرۆڤێك بوو هەروەکو مرۆڤەکانی تر، ئەوەی پیاوان دەیکەن لە ماڵەکانیاندا ئەویش ئەنجامی دەدا، خزمەتی خۆی وخێزانەکەی دەکرد؛ مەڕی دەدۆشی، وجلەکەی دەدوریەوە، ونەعلەکەی پینە دەکرد، وسەتڵەکەی چاك دەکرد، وئەگەر کاتی نوێژ بهاتایە؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەردەچوو بۆ نوێژکردن بە بێ دواکەوتن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6220